کۆتایی مێژووی
ڕووناکبیری
فەرەنسا

دەلاقە:

بەبۆچوونی من لەگەڵ بخوازین کورتەیەک لە مێژووی ڕووناکبیری فەرەنسا بخەینە بەرباس و تاوتوێیەوە، دەتوانین بەسەر حکوومەتی قۆناغی گرنگدا دابەشیبکەین:

- قۆناغی یەکەم: لەم قۆناغەدا لە سالی (1715)و بە کێشەی دارایی دەستپێدەکات و دەکرێت بە سەرەتای دەسپێکی ڕووناکبیری فەرەنسا لە قەڵەمبدرێت.
- قۆناغی دووەم: لەم قۆناغەدا لەپەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ شۆڕشی ڕووسیا و سەردەستەیی فاشیسم لە ئەورووپادا دێتە کایەوە.
- قۆناغی سێیەم: قۆناغی بەرەی خەڵکی (Front Populaire) شۆڕی ئیسپانیا و پاشانیش شەڕی جیهانیی دووەم لە سالی(1939)دا.
- قۆناغی چوارەم: قۆناغی دوای شەڕی جیهانی دووەم (1945 - 1968) کە دەتوانین بە ساڵەکانی سارتەر ناوبڕی بکەین.
- قۆناغی پێنجەم: دەتوانین لەم قۆناغەدا بە قۆناغی هەرێ (1968) و هاتنەمەیدانی بیرمەندانێکی لە چەشنی فۆکۆ، دیریدا، لیوتارد و دیلۆز بزانین.
- قۆناغی شەشەم: قۆناغی فەیلەسووفە نوێیەکانە. لەم قۆناغەدا لەگەڵ ئالیەکانی (1981) وە هەتا ئێستا درێژەی هەیە و لێرەدایە کە تۆتالیتاریانیزم و سیاسەتەکانی چەپ لە فەرەنسا دێنەکایەوە.
- و لە ئاکامیشدا قۆناغی حەوتەم: لەم قۆناغەدا کە هەنووکە لە بارودۆخی تێپەڕیندایە. قۆناغی ئاوابوونی بکەری سیاسی و هەروەها ئاوابوونی ڕووناکبیر - شارێفان (هاوڵاتی).

لە هەر کام لەم قۆناغانەدا لێرەوانین و تێرامانێکی فەلسەفیی نوێ و بابەتوڕێکی

ڕامین جیهان بگلوو

وەرگێڕانی لەفارسیەوە ئاکام سیروان

فەلسەفیی نوێی دیکە دێتە ئاراوە، کە دەکرێت لە دوای تاوتوێکردنی کورتەمێژووی رووناکبیری لە فەرەنسا، باسیان بکەین.

قۆناغی یەکەم:

کێشەی دریفوس بوو، بە هۆی ئەوەی کە قۆناغی یەکەمی رووناکبیری لە فەرەنسا بیچم بگرێت، کە مشتومڕی ئایدیۆلۆژیایی تەقلیدیە راستەکان و مۆدێرنە چەپەکانی لێکەوتەوە. خەبات و ململانێیەك، کە هاوکات لەگەڵ کۆتاییهاتنی شەڕی فەرەنسا و پرۆس (□□□□) دەستپێکرد و بە کێشمەکێش لەسەر کێشەی دریفوس درێژەی کێشا، ناکۆکی نێوان نەتەوەخوازەکان و کۆماریخوازەکانیشی زیندووکردەوە و کەلێنی نێوانیانی گەورەترکرد.

لەم قۆناغەدا هیچ چەشنە ئینتیمایەکی حزبی لە بەیاننامەی رووناکبیراندا بەدی نەدەکرا و ئەم بەیانامەیە تەنیا وەك ناڕەزایەتی دەربڕینێکی مۆرالی بلاوکرایەوە. لەڕاستیدا لەگەڵ بلاوکردنەوەی ئەم بەیانامەیە و بە شۆێن وتارە بەناوبانگەکەی ئەمیل زۆلادا (من تاوانبار دەکەم، □□□□) رووناکبیری فەرەنسا دێتە بەرەم رای گشتیی ولات.

دوابەدوای مەحکومکرانی زۆلادا، رووناکبیرانێکی لە چەشنی ئاناتۆل فرانتس شارل پەگی، مارسێل پرۆست و ... لە (□)ی فێقریەی(□□□□)دا وتارێکیان لە رۆژنامەی(Aurore)بلاوکردەوە و بەمجۆرەش، بە ناوی دادپەروەری و هەقیقەتەوە، پشتیوانی خۆیان بۆ زۆلا دەربڕی.

ئەگەر بەیانامەکەی رووناکبیران وەك سەرهەڵدانی رووناکبیری لە فەرەنسا ئەژمار بکەین، وێجا دەکرێت بڵێین کەهاوکات لەگەڵ ئەم سەرهەڵدانەدا ململانێیەکی نوێ لەسەر بابەتێکی کۆن، واتە پشتیوانیکردن یاخود دژایەتیکردنی شۆڕشی فەرەنسا دەستپێدەکات. ئەم ململانێیە مشتومڕی سیاسی نێوان کۆنسێرڤاتەکان و کۆماریخوازەکان دەگۆڕێت بۆ ململانێ و مشتومڕێکی ئایدیۆلۆژیایی لە نێوان بەرەی چەپ و ڕاست لە فەرەنسادا.

کێشەی دریفوس و لە پاشانیش کێشەی زۆلا رووناکبیری فەرەنسی بە سەر دوو دەستەدا دابەشکرد:

□ـ دەستەی یەکەم: ئەم دەستەیە، کە کەسانێکی وەك ژورس، کلیمانسۆ، پرۆست و ئاناتۆل فرانتسی لەخۆ دەگرت، لەدەوری کۆمەڵەی داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ کۆ بوونەوە.

□ـ دەستەی دووەم: ڕێبەری فکری ئەم دەستەیە موریس بارس بوو و کەسایەتیەکی رووناکبیری وەك شارل موراسی لەگەڵ کەوت. دیارە موراس دواتر گروپی راستخواز و نەتەوەخوازی (Action Francaise)دامەزراند. .

بارس و دەستەی رووناکبیرانی نەتەوەخوازو تەقلیدیی فەرەنسا بەدژی ئاوات و ئارمانجەکەی دریفوس راوەستان، هەر بۆیە رووناکبیرانی لایەنگری دریفوسیان بە خیانەتکار بە فەرەنسا ناودێر کرد. لەم سۆنگەیەوە، بە بۆچوونی بارس و موراس، وشەی رووناکبیر هەڵگری بارێکی نەرێنیە و بە مەبەستی پێ □ ڕێزیکردن بەکاردەبرێت. بەوتەی بارس، "رووناکبیر کەسێکە کە پێیوایە کۆمەڵگە دەبێ لەسەر بنەمایەکی لۆژیکی راوەستابێت. رووناکبیر کەسێکی نامۆیە بەنەریت." لای موراسیش تەناهیی (ئاسایشی) نەتەوەیی لە چەمکگەلێکی وەك هەقیقەت و دادپەروەری گرنگتر بوو.

هەروەك دەبینین رووناکبیری راستخواز و تەقلیدی نەریتێکی کەونی لە فەرەنسا هەیە و، لە قۆناغە جۆربەجۆرە مێژووییەکاندا لەرووخساری کەسایەتی و گۆڤارگەلێکی لە چەشنی بارس، موراس، برازیاك، سلین، لوروشێل، رابالە و ئالێن دوبونوا و (Element و Action Francaise)دا خۆی دەنوێنێت.

هەڵبەت پێویستە راستخوازیی زێدەڕۆیانە، کە ناسیۆنالیزمی ڕەگەزپەرستانەی لێدەکەوێتەوە و، راستی لیبراڵ و رووناکبیرانی ناسێنەری ئەم بەرەیە وەکوو ڕێمۆن ئارۆن، ژان فرانسوا لول و هەروەها گۆڤارەکانی(Contrepoint و Commentaire) لێکجیابکەینەوە. بەڵام بێگومان ئامادەبوونی رووناکبیران لەبەردەم رای گشتیی فەرەنسا و دەستێوەردانی راستەوخۆی بەرهەمەکانیان لەکاروباری کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەوروپادا، لە ساڵی(□□□□)وە ئاخافتن لە سەر "خیانەتی رووناکبیران"ی هێناوەتە ڕۆژەڤەوە.

"خیانەتی رووناکبیران" ناوی کتێبێکی ناوداری ژولین بێندایە

که له سالی (□□□□)دا بلاویکردەوە. ئەو مژارەی کە بێندا لەم کتێبەدا دەیخاتە بەرباس، کێشەیەکە کە پتر لە سەدەیەکە داوێنی بزاڤە روناکبیریەکانی فەرەنسا و جیهانی گرتووە.

بێندا پێوایە روناکبیرە فەرەنسیەکان پتر لە جاران هێوا و ئاواتە فەلسەفیەکانیان پشتگوێخستووە و، گرنگی بە ئاوات و ئارمانجە چەقبەستوویانە و ئایدیۆلۆژیاییەکانیان دەدەن. بە دەربڕینێکی دیکە، ئاواتی جیهانگیریی رۆشنگەریان پشتگوێ خستووە و خۆیان بە راهێنانە ئەندۆچکەییەکانەوە سەرقاڵدەکەن. لە ئاکامدا بێندا بەم دەرئەنجامە دەگات کە روناکبیران جیهانی مادی و بزوێنەرە سیاسیەکانیان کردۆتە جێنشینی جیهانی فەلسەفی و مانەوی خۆیان. هەر بۆیەشە دەتوانین بڵێین دونیای روناکبیرانی سەدەی بیستەم قۆناغی ڕێکخستنی ڕق و کینە سیاسیەکانە. کەواتە بێندا بەم بۆچوونە دەگات کە خیانەتی روناکبیران لەبەر دەستێوەردانیان لەکاروبارد کۆمەڵایەتیەکاندا نییە (ئەو قۆناغەی بەکەسایەتیەکی دادپەروەرێخواز دەزانی)، بەڵکو لەبەر بەشداریکردنیان لە حزبە سیاسیەکاندایە. ئاماژەی بێندا بەئامادەیی روناکبیرە فەرەنسیەکان لە حزبەکان و بیچمگرتنە سیاسیەکاندا خاوەن نێوەرۆکێکی وردبینانە و نزیك لەراستیە. لەگەڵ سالی(□□□□) بەسالی سەرهەڵدان و بیچمگرتنی روناکبیران لە فەرەنسا بزانین، دەتوانین بڵێین سالێك دواتر (□□□□) لایەنە سیاسیە نوێیەکانی فەرەنسا بیچمدەگرن، کە روناکبیران رۆڵێکی گرنگیان لەم پرۆسیدا بینی. لەم سالەدا روناکبیرە نەتەوەخوازەکان گروپی(Action Francaise) بەدژی لایەنگرانی دریفوس دادەمەزرێنن. بەم شێوەیە ململانێی فکری و سیاسی نێوان نەتەوەخوازیی موراسی، لە ژێرناوی خێڵگەریی فەرەنسی و، بنەمای هەمەکیەخوازی روناکبیرانی لایەنگری دریفوس دەستپێدەکات. بەڵام مێژووی سەد سالی رابردووی فەرەنسا پێماندەڵێت کە روناکبیرانی دریفوسی لایەنی سەرکەوتووی ئەم ململانێیەبوون. چونکە ئەو شتەی کە لە فۆرمی کردارەدا بۆ ئەوان گرنگە، تەنیا گەڕانەوە بۆ بنەمای مۆرالی هەمەکیەخواز و جیهانگیر نییە، بەڵکو داکۆکیکردنە لەبەهاکانی کۆماریخوازی.

بەبۆچوونی روناکبیرە دریفوسیەکان، ئەمە بنەمای بەرگری لە ئاواتی ئۆتۆنۆمی تاکەکەسی و ئازادیە مەدەنیەکانە، کەچاخی رۆشنگەری و راگەیەندراوی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتی سالی (□□□□) بەرگری لێدەکەن و، دواتریش بۆ ماوەی نیو سەدە، بیچم بە شارستانیەتەکانی روناکبیریی چەپ و دەروەستی فەرەنسا دەدات.

قۆناغی دووەم:

کە لایەڕەکانی مێژووی قۆناغی دووەمی روناکبیریی فەرەنسا دەدەینەوە، دەبینین کەئەم قۆناغە بە تەواوی درێژەی قۆناغی یەکەمی روناکبیریە لە فەرەنسا، بەم جیاوازیەوە کە لەم قۆناغەدا چەند رووداوی گرنگ فۆرمێکی نوێ بەروناکبیریی فەرەنسی دەبەخشن. ئەزموونی تاڵی شەڕی جیهانی یەکەم و هەروەها رووداوی شۆڕش لە ڕووسیا گرنگترین ئەو رووداوانەن.

شۆڕشی ڕووسیا، بۆ زۆرێك لە دریفوسیەکان دەرکەوتنی

دەستکەوتەکانی شۆڕشی فەرەنسایبوو لە سەدەی بیستەمدا، لەکاتێکدا راستخوازانی نەتەوەخواز لەم شۆڕشە و بەرزبوونەوەی بیلشەویزمیان بە مەترسیەکی نوێ بۆ سەر بەها تەقلیدی، دینی و نەتەوەییەکان لەقەلەمدەدا. کۆنگرەی بەناوبانگی شاری "تور" لەم قۆناغەدا دەبەسرێت، کە لەئاکامی ئەم کۆنگرەیەدا لایەنگران و نەیارانی لینین لێکجیابوونەوە و، حزبی کۆمۆنیستی و فەرەنسا و حزبی سوسیالیستی فەرەنسا پێکهاتن. لە راستیدا بزافی چەپی فەرەنسا بەسەر دوو لقدا بەشدەبێت:

حزبی کۆمۆنیست و حزبی سوسیالیستی فەرەنسا. لە لایەکی دیکەوە، رووناکبیرانی راستخواز، کە دژبە پارلمانتاریسم و خوازیاری پاکسازیی کولتووری بوون، پەیوەستبوون بەبزووتنەوەی فاشیستەکان و نازیزمەوە.

لەم قۆناغەدا چەند رووداوی گرنگ روو دەدەن:

- مردنی رووناکبیرانێکی وەک شارل پەگی لە شەڕی جیهانی یەکەمدا.
- لایەنگری رووناکبیرانێکی لە چەشنی ژۆرژ سوریل و ... لە شۆڕشی رووسیا لە سالی (□□□□) دا.
- داکۆکی لە فاشیسمی ئیتالی و موسولینی لە لایەن موراس و لایەنگرانیەوە.
- مردنی بارس لە دیسامبری (□□□□)دا، کە یەکێک لە بیرمەندە شوێندانەرە راستخوازەکان بوو و کاریگەریەکی زۆری لە سەر رووناکبیر و نووسەرانێکی لە چەشنی دێریۆ لاڕۆشێل، هانری دۆمۆنترلان و فرانسوا موریاکەوە هەبوو.
- بێچمگرتنی دادایزمی تریستانی تزارەکان و پاشانیش شۆڕشی بزافی هونەری و رووناکبیری سوریالیسم، کە بەلاوکراوەکەی سوریالیسمی ئاندرێ بڕۆتۆن بێچمدەگرێت.

هەروەک دەزانن "گیوم ئاپینێر" داهێنەری پەیڤی "سوریالیزم" بوو و بە مانای "داهێنانی خۆبزوێن" بەکاریدێنا. بەلام بڕۆتۆن وەک نارەزایەتی دەربڕینێک سەبارەت بە جیهانی ئاوەزمەندانەی دیکارت و ئەو سیستمە سیاسی و هونەریەی کە هەیە، کەلکی لەم وشەیە وەردەگرت.

سوریالیستەکان دوو قۆناغی گرنگیان تێپەڕکردوە:

- قۆناغی یەکەم: لەم قۆناغەدا کەسانێکی وەک بڕۆتۆن و لویی ئاراگۆن تێدەکۆشن ئاشتیەک لەنێوان شۆڕشی ئۆکتۆبەر و شۆڕشی سوریالیستیدا پێکبێنن.
- قۆناغی دووەم: لەم قۆناغەدا کە بەراگەیەندراوی دووەمی سوریالیسم لەلایەن ئاندرێ بڕۆتۆنەوە دەستپێدەکات، بڕۆتۆن بەردی تڕۆتسکی بەدژی بەرەی ئیستالین هەڵدەبژێرێت و لەم هەڵبژاردنەش دەبێتەهۆی جیابوونەوەی ئاراگۆن و بڕۆتۆن لە سالی (□□□□)دا.

قۆناغی سێیەم:

هەروەک گوترا، نەریتی رادیکالیسم و رووناکبیریی فەرەنسا بە نامەکەی زۆلا دەستپێدەکات و بەدامەزرانی حزبی کۆمۆنیستی فەرەنسا درێژە دەکێشێت. لە قۆناغی سێیەمدا رادیکالیزم فۆرمێکی نوێ بەخۆیەوە دەگرێت و کەسایەتیگەلێکی نوێی وەک ئاندرێ مالرۆ و ئالیێن (Alian) دەبنە قارەمانانی ئەم قۆناغە.

لە سالەکانی (□□□□)دا شەڕی نێوخۆیی ئیسپانیا رووددەدات، نازیسم لە ئاڵمان بەرزدەکرێتەوە و بەرەی خەڵکی (Front Populaire) لە فەرەنسا دادەمەزرێت. پرسی بنەڕەتی بۆ رووناکبیرانی قۆناغی فرانکوالیسم بەرگریکردن لە بەهاکانی کۆماریخوازی و چەپ بوو لە بەرامبەر فاشیزم و (Front Populaire)دا.

لەم قۆناغەدا دریفوسیگەلێکی لە چەشنی ئالیێن بلاوکراوەیەکی نوێ بە ناوی "وتارێك بۆ کرێکاران" (Apple aux ourriers) بڵاودەکەنەوە و، لەودا سێ دروشمی "نان، ئاشتی و ئازادی" دێننە ئاراوە. جێگای سەرنجە کە "ئاشتی و ئازادی" دوو بنەمای گرنگی لایەنگرانی دریفوسبوون کە لێرەدا سەرلەنوێ دووپاتدەبنەوە.

ئاندرێ مالرۆ بە کەسایەتیی رووناکبیریی گرنگی ئەم قۆناغە دێتە ئەژمار، کە لەبەر نووسینی کتێبی ناوداری "چارەنووسی مرۆڤایەتی" لە سالی (□□□□)دا خەڵاتی ئەدەبی "گونکور"ی وەرگرت. مالرۆ نووسەرێکی شۆڕشگێڕە بەڵام مارکسیست نییە. ئەو لەم باوەڕەدابوو کە مارکسیزم ڕێباز نییە، بەڵکو ئیرادەیە، ئیرادەی خۆناسین. کەواتە مارکسیستبوون بەمانای

ئەوە نیە کە شتی دروست دەڵێین، بەڵکو بریتیە لە سەرکەوتن بەبێ خیانەتکردن بە خۆ. لەم رووبەوە مالرۆ، شانبەشانی کۆماریخوازان، لەشەڕی ئیسپانیادا بەشداریکرد. چونکە پێوابوو روناکبیر تەنیا کەسێکی فەرهەنگی نییە، بەڵکو کەسێکە کە ئاگایی و کردار پێکەوە دەبینێت.

هەروەك ئاگادارن، روناکبیریی چەپ لە فەرەنسا هاوکاتە لەگەڵ تێکشکانی کۆماریخوازەکان لە ئیسپانیادا. بەم چەشنە ئەو روناکبیرە چەپ یاخود لیبرالگەلەی کە وەك سارتەر و دیکۆر ئەکویناس لەبەرەکانی شەڕدابوون، دەتێردرێن بۆ بەندیخانەی نازیەکان. هەروەها کۆمەڵێکی دیکەی لە چەشنی ئاندرێ مالرۆ و ڕیمۆن ئارۆن بە مەبەستی هاوکاریکردنی دوگڵ و فەرەنسای ئازاد بەرەو لەندەن وەڕێدەکەون. دیارە کەسانێکی وەك لڤین شتراوس خۆیان لە شانۆی شەڕ لەئەوروپا دوورەخەنەوە، لە قوتابخانەی فەرەنسی نیۆیۆرکدا خۆیان بە وانەوتنەوە سەرقاڵدەکەن، هەروەها کۆمەڵە کەسێکی دیکەی لە چەشنی ژان دۆسانتی و دۆمینیك دۆسانتی خۆیان لەریزی بزاڤی بەرگریی فەرەنسادا دەبینەوە. بەڵام لەم نێوەدا فیکتۆر بوش و کافکالایس لەلایەن نازیەکانەوە قۆڵبەستەدەکرێن و دەکوژرێن، لە کاتێکدا کە کەسانێکی دیکەش لە ئۆردوگای نازیەکاندا گیانیان لەدەستدەدەن. ئەوەی لێرەدا جێی داخە ئەمەیە کە لەم قۆناغەدا گەلێك لەروناکبیرە ڕاستخوازەکان هاوکاریی حکومەتەکەی فیشی)مارشال پێتن و نازیەکان دەکەن. کەسانێکی Vichy(لەچەشنی موراس و لایەنگرەکانی (لەوانە پیتەر بوتان)، لەبەر دژایەتیکردنی دیموکراسی و کۆماریخوازی، دروشمی "کار، بنەماڵە و نیشتمان" لە بەرامبەر دروشمەکانی شۆڕشی فەرەنسا (ئازادی، دادپەروەری و برایەتی)دا بەرزدەکەنەوە.

لە ئۆکتۆبەری (□□□□)دا کۆمیتەی نەتەوەیی نووسەران ناوی ئەو نووسەر و روناکبیرانە بڵاودەکاتەوە کە بەهاوکاریکردنی نازیزم تاوانبارکراون، کە لەودا چاومان بەناوەکانی ژۆرژ سواریز، لویی فێردیناند سلین، مارسێل ژومانسدۆ، هانری دۆمۆنترلان، ساشا گیتری، دیریو لاروشێل، ڕۆبێر برازیاك، پۆل سۆران و لوسین روباتەدەکەوێت. لە نێو ئەمانەدا کەسانێکی

ڕیمۆن ئارۆن

وەك سواریز و برازیاك دادگایی دەکرێن و حوکمی لەسێدارەدانیان بۆ دەردەچێت. بەڵام لێرەدا دەبێ ئاماژە بە هەڵوێست و هەستان بە کاری روناکبیرانی دژبەری فاشیزم و لەوانە ئەلبێر کامۆ، مارسێل ئێمێ و کلۆود موریاك بکەین، کە بە مەبەستی پێشگرتن لە لەسێدارەدانی روناکبیرە ڕاستخوازە زیندەڕۆکان و لایەنگرانی فاشیزم بەیانامەیەکیان بڵاوکردەوە.

موریاك لە نامەیەکدا کە بۆ دوگڵی نووسی ئاماژە بەوە دەکات کە:"مەسەلەکە بۆ ئێمە لەوە نییە کە سەرنج لەبەرپرسایەتیی ئەم روناکبیرانە نەدەین، بەڵام ئێمە لەم بڕوایە داین کە ئامانجە نادروستەکان پێویستیەکیان بە شەهید نییە و، هەندێجار لێخۆشبوون ئەقڵانەترین کارە." بەڵام ژان پۆل سارتەر لە ئۆکتۆبەری (□□□□)دا وتارێك لەگۆڤاری "ئان مۆدێرن"دا (گۆڤارێك کە بە هاوکاری ئارۆن، بودار و میرلۆپۆنتی دامەزرا) بڵاودەکاتەوە و، لەودا بەدرۆنجامێکی پێچەوانەی دۆرئەنجامەکەی موریاك دەگات. بە باوەڕی

سارتەر، نووسەر کەسێکی دەروەست و خاوەن بەرپرسایەتیی سیاسیە. بەم وتەیەی سارتەر قۆناغی چوارەمی رووناکبیریی فەرەنسا، کە بە سالەکانی سارتەر ناسراوە و لە سالی(□□□□ تاکوو □□□□) دریژەی کێشا، دەستپێدەکات.

قۆناغی چوارەم:

لەم قۆناغەدا رووبەڕووی چاخێکی نوێ لە دەروەستیی رووناکبیری دەبینەوە و، جارێکی تر نەریتی خەباتی دریفوسی دەگۆڕدرێت بۆ خەبات بەدژی داگیرکاری لە شەڕی ئەلجەزایەردا. هەروەها فەلسەفەی ئەگزیستانسیالیستی سارتەر، کامۆ، ژان وال و گابریێل مارسێل گرنگایەتیەکی تایبەتیان لەم قۆناغەدا هەیە. رووناکبیرە چەپەکان بەرگری لەبەرەی رزگاریخوازی ئەلجەزایەر دەکەن و بەم شێوەیە جارێکی تر ململانێی لایەنگرانی مارکسیزم و چەپخوازەکان و دژبەرەکانیان دێتە گۆڕێ و زیندوو دەبێتەوە. لەم قۆناغەدا سارتەر بە سەفەرێک دەچێتە کوبا و سۆڤیەت و پێشەکیەک لەسەر کتێبی "دۆزەخیەکانی سەر زەوی" فرانتز فانون دەنووسێت. پێویستە ئەم دژوەستانەی رووناکبیریی فەرەنسا لەبەرامبەر داگیرکاری و ئیمپریالیزمدا لەچوارچێوەی خەباتە ئایدیۆلۆژیکەکانی شەڕی ساردا ببینین. لەگەڵ قەبووڵی بکەین، کە ژان پۆل سارتەر کەسایەتیی پارادایمی رووناکبیریی رادیکالی ئەم قۆناغەیە، ئەوا دەبێ بڵێین کە ڕێمۆن ئارۆنیش ناسێنەری رووناکبیریی ئانتی کۆمۆنیستی و لیبرالی ئەم قۆناغەیە. ڕێمۆن ئارۆن و مارشال دۆگڵ خۆیان بە ئۆردوگای ئانتی تۆتالیتاریانیزم دەناسێنن و گۆڤارگەلێکی لە چەشنی(Preuves و Liberte du esprit و Contrepoint) بڵاودەکەنەوە.

ڕێمۆن ئارۆن بەنووسینی کتێبی "ئەفیونی رووناکبیران" (□□□□ ساوێر (تۆهم، وەهم) و هەڵەکانی رووناکبیرانی چەپ بەنیسبەت تۆتالیتاریانیزم وەبەر دێنێتەوە.

ڕەنگە ئەلبێر کامۆ یەکێک لە سەرنجڕاکێشترین کاراکتەرەکانی رووناکبیری ئەم قۆناغە بێت، کە لە بارودۆخ و شۆنێکی ئالۆزو تەژی لە ناکۆکیدایە لە نێوان دوو بەرەی چەپ و ڕاستدا. ناکۆکی نێوان سارتەر و کامۆ هەتا کاتی مردنی کامۆ (□□□□) درێژەیبوو. سارتەر دوای کۆچی دوایی کامۆ لە بارەیەوە دەڵێت: "کامۆ دەرخەری سەدە و دژبە مێژوو بوو. هیومانیزمی دەمەدەم، هەستیارانە و پەتیی کامۆ خەباتێکی پڕ لە فرمێسک بوو بەدژی رووداوە پڕبار و بێ قۆرمەکانی ئەم قۆناغە."

قۆناغی پێنجەم:

بێگومان شۆڕشی کۆتایی قۆناغی چوارەم بزووتنەوەی (□□) و مانگرتنە خویندکاریەکانە، کە بەهاتنەکایەی یرپارانێکی وەک میشیل فۆکۆ، فیلیکس گوتاری، فرانسوا شاتلە، فرانسوا لیوتارد، ئاگهی روبور، ژیل دیلۆز و ژاك دێریدا دەستپێدەکات. ژیل دیلۆز و گوتاری وەك "رووداویکی پەتی و بێبەری لە هەرچەشنە هۆگەرایەتیەکی نۆرمیانە" لەبزووتنەوەی (□□) دەنوارنەوە. لە مانگی مەی(□□)دا جارێکی دیکە، هەروەك قۆناغەکانی پێشتر، رووناکبیرانی راستخواز و چەپخوازی فەرەنسا رووبەڕووی یەکتر دەبنەوە. ئاندرێ مالرۆ و ڕێمۆن ئارۆن بە مەبەستی پشتیوانیکردن لەژنرال دوگڵ دێنە سەرشەقامەکانی پاریس، لەکاتێکدا سارتەر و گرووپی مائۆیستە فەرەنسیەکان رۆژنامەیەك دەردەکەنو لەلایەن پۆلیسەوە قۆلبەستدەکرێن. لەم قۆناغەدا، فیلیپ سۆلێر (کە خۆی مائۆیست بوو) گۆڤاری(Tel Quel) دادەمەزرێنێت، کە دیارە کەسانێکی وەك تۆدۆرف، ژولیا کریستوا و رۆلان بارت لە سالەکانی دواتردا پێوەی پەیوەستدەبن.

ئەمە بە قۆناغی ئاوابوونی سارتەر چ لە باری جەستەیی و چ لە باری واتاییەوە ئەژمار دەکرێت. سارتەر لە سالی (□□□□) دا بینایی خۆی لە دەستدەدات، بەڵام لەسەر بانگهێشتی پارێزەری گرووپی ئەرتەشی سووری ئەڵمانیا دەڕوات بۆ ئەڵمانیا و لە بەندیخانەدا چاوی بە بادر ماینهۆف دەکەوێت. بەڵام لەگەڵ میتۆدە تیرۆریستیەکانی ئەرتەشی سووردا دژایەتی دەکات. کەسایەتیە رووناکبیریەکانی قۆناغی پێنجەم پۆست مۆدێرنەکانن، کە هەرکامەیان بە ڕەخنەکاریکردنی مۆدێرنیستە مەودایەکی ڕەخنەیی لەگەڵ ئایدیۆلۆژیا تۆتالیتارەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا دەگرن، بەڵام خۆیان لە داهێنانی

فەلسەفەیەکی نوێ دەپارێزن. کەوابوو دەتوانین لەژێرناوی هنری (□□)دا تۆژینەوە لەسەر رووناکبیریی قۆناغی پێنجەم بکەین، کە رووناکبیریەکی پۆست مۆدێرن و خوێندنەوەگەلێکی فەلسەفیی نوێیە لە هایدگێر، نیچە، ماركس و فرۆید.

کتێبە گرنگەکانی ئەم قۆناغە بریتین لە:

□ـ کتێبی "ئانتی ئۆدیپ"ی دیلۆز و گوتاری (سالی □□□□).

□ـ "کۆنەڕۆڵ و سزا" لە نووسینی میشیل فۆکۆ (سالی □□□□).

□ـ و "بارودۆخی پۆست مۆدێرن" لە نووسینی ژان فرانسوا لیوتارد.

لەم قۆناغەدا میشیل فۆکۆ واتای سارتەریی رووناکبیر، کە جەخت لەسەر کەسایەتیی کلاسیکی رووناکبیر وەك کەسایەتیەکی جیهانگیر دەکاتەوە، دەباتە ژێر پرسیار و ڕەخنەکاری دەکات و لە بەرامبەردا پەیڤی "رووناکبیری تایبەت" دێنێتە ئاراوە. بەڵام فۆکۆ لە لایەنگریە سیاسیەکانیدا تووشی هەڵەگەلێك دەبێت و هەر بۆیە لە سالی (□□□□)دا لەلایەن فەیلەسووفە نوێیەکانەوە ڕەخنەگەلێکی توندی ئاڕاستەدەکرێت.

بۆ وێنە فۆکۆ لە هەڤپەیڤێکدا لەگەڵ نئۆم چۆمسکی (نۆڤەمبەر □□□□) دەڵێت:"لەوانەیە کاتێك کە پرۆلیتاریا بەدەسەڵات دەگات، دەسەڵاتێکی تووڕە، خوێناوی و بەخوویەکی دیکتاتۆرانەوە بەسەر ئەو چینانەدا جێبەجێکات کە بەسەریاندا سەرکەوتووە، من کێشەیەك لەم بابەتەدا نابینم."

قۆناغی شەشەم:

لەوانەیە رادیکالیزم و چەپخوازیی زیندەڕۆیانەی زۆرێك لە رووناکبیرانی چەپی فەرەنسا دەیتەهۆی ئەوەی کە گرووپێکی گەنجی لە رووناکبیران و فەیلەسووفان پێچمبگرن، کە لە سالەکانی کۆتایی (□□□□) و سەرەتای (□□□□)دا لەژیر ناوی (Les nou veux philosophs)دا دێنە نێو گۆڕەپانی گشتیی فەرەنسا.


لیوتارد

بێرنارد هانری، ئاندرێ گلوکسمان، نووسەری کتێبی "هەرزەکانانی ڕێنوێنیکەر" نوێنەرە سەرەکیەکانی ئەم گرووپە نوێیەی رووناکبیرانن، کە هەردووکیان لەژێر کاریگەری سولژنستینیدا بە ڕەخنەکاریی تۆتالیتاریانیزمی کۆمۆنیستی و ڕەخنەکاریی چەپ و حزبی کۆمۆنیست گەیشتوون.

جێی خۆیەتی هاوکات لەگەڵ ئەمانەدا ئاماژەیەکیش بە ڕەخنەکاریی تۆتالیتاریانیزم و چەپ لە ناو خودی بزاڤی چەپەوە بکەین، کە لە لایەن سێ دەستەوە جێبەجێ کرا:

□ـ دەستەی گۆڤاری (Argument)، واتە ئێدگارد مون و کۆستاس ئاکسلوس.

□ـ دەستەی سوسیالیستەکان، کەسانێکی لە چەشنی کلۆر لوفور (قوتابی لۆڤۆنتی) و ژان فرانسوا لیوتارد لەخۆ دەگرێت و، سەرئەنجام لە جیابوونەوەی ئەم کەسانە لە سالی (□□□□)دا کۆتایی پێهات.

□ـ و دواجار دەستەی گۆڤاری (Esprit)، کە بە خستنەڕووی خوێندنەوەیەکی نوێ لە هانا ئارێنت و بە سەرنووسەری ئۆلویە فوژن پێدەنێنە نێو قۆناغێکی نوێ لە

تالان تۆرین

ژیانی روناکبیری خۆیانەوە.

قۆناغی حەوتەم:

دەتوانین رۆژی (□□ی ئەفریلی سالی □□□□)، واتە رۆژی بەخاك سپاردنی ژان پۆل سارتەر لە گۆڕستانی پیرلاشیز، بەدستپێکی روناکبیریی دەروەست لە فەرەنسا لەقەلەمدەدەین. شیرێر ژولی، سەرنووسەری رۆژنامەی لیبراسیۆن کەسارتەر لە دروستبوونیدا رۆڵی گێڕا، سارتەر بە کەسایەتیەك دێنێتە ئەژمار کە هەروەك فۆلتێر و هۆگۆ پێچمی بەسەردەمەکەی خۆیدا.

(□)ساڵ دوای مردنی سارتەر و بەرووخانی دیواری بێرلین روناکبیریی دەروەستی فەرەنسا، کە لە قۆناغە جۆربەجۆرەکاندا هەوراز و نشێوی زۆری بینیوە، فۆرمێکی نوێ بە خۆیەوە دەگرێت. لەم قۆناغەدا روناکبیران خۆیان بەبابەت و بەهاگەلێکی دیکەوە سەرقاڵدەکەن، لەوانە دەتوانین ئاماژە بە رەخنەکاریی بەهاکانی کولتووری بەکارهێنان (مصرفی) هاوکات لەگەڵ بەرگری لە تاکگەری دیموکراتیکدا بکەین.

کەسانێکی لە چەشنی لۆك فێری، ئالێن فینکروت، لۆلوبە فۆژین و پاسکاڵ بروکنێر، لە ژێر کاریگەریی بەرهەمەکانی لوفور، کانت، ریکۆر و... هتد، بیرۆکەکانی نیچە، هایدگێر و بە گشتی هنری (□□) رەخنەکاری دەکەن.

ئەم رەخنەکاریانە بۆشگا (فەزا)یەکی نوێی لە روناکبیریی فەرنسادا پێکهێنا، کەباس لەسەر پلۆرالیزم، دیموکراسی و دادپەروەری دەکاتە جێنشینی بەرگریکردنی سارتەری لە شۆڕش، روناکبیریی دەروەست و جیهانی سێیەم.

کۆمەڵناسی فەرەنسی، ئالان تۆرین لە کتێبی "پاش سوسیالیزم"دا باس لە مردنی سوسیالیزم دەکات و، ئاندرێ گوزر کتێبێك بە ناوی، "مالئاوا پرۆلیتاریا" دەنووسێت.

دوای ئەوەی کە ریمۆن ئارۆن لە ساڵی (□□□□ و فۆکۆ لە ساڵی □□□□)و لیۆ دۆبۆڤار لە ساڵی (□□□□)دا دەمرن، لایەرێیەکی مێژووی روناکبیریی فەرەنسا دەبەسرێت. لە دوای کۆچی دوایی ئەم سێ کەسە کۆمەڵناسی فەرەنسی، (پیەر بوردیە) بۆ ماوەی (□□) ساڵ دەبێتە کەسایەتیی رادیکاڵیزمی روناکبیریی فەرەنسا، هەتا ئەو کاتەی کە لە ژانویەی ساڵی (□□□□)دا ئەویش مالئاوایی لە ژیان دەکات.

سەرچاوە:

www.iranartists.org